ئەدەبییش ، بەسەر لێکۆڵینەوەی رەخنەییشدا رائەهێنرێت ، چونکە ئەو لێکۆڵینەوەیە شیکردنەوەی کاری ئەدەبی یەو گەرانە بە دوای رەگو ماکە سەرەتاییەکان ، تا ئەو کەسەی چێژی لێ وەر ئەگرێت ، بەهەمان ئەو قۆناغە ئیستاتیکایی و ئینفیعالیانەدا تێپەرێت ، کەنووسەرەکە لەکاتی داهێنان و خوڵقاندنا پێی رەت بووە .. بەمەیش تۆلستۆی واتەنی : (پەتای پاکی ئیستاتیکایی بۆ ئەو چێژوەرگرە نەقڵ ئەبێت .. » ئەوەی ئاشکرایشە (شیکردنەوە) ی کاری ئەدەبی و دۆزینەوەی رەگوماکەکان ، زاراوەیەکی راستەو راستی کیمیایی یە .. هەر لێرەشدا ئەبێ ئەوە هەڵنەبوێرین و بڵێین : هەروەك چۆن لێکۆڵەرەوەی کیمیایی ـ لەنێو ئەزموونگەدا ـ ئەبێ واز لەرای تایبەتی خۆی و ئارەزووی خودی خۆی بهێنێ ، ئەئاوایش ئەبێ رەخنەگرو ئەدیب واز لە (إنطباعات) و ئارەزووی تایبەتی خۆیان بێنن ، چونکە نە لەکیمیاو نە لەئەدەبا ، ئەو جۆرە (إنطباعات) و ئارەزووانە بایەخیان نیەو جێیان نابێتەوە ..!! مەگەر بەدەگمەن ..!!

کاری ئەدەبییش جەستەیەکی مەوزوعیانەو سەربەخۆیەو گەڵێ هۆی تێکچرژانی وای تیایە کەهیچ جۆرە پێداویستیەکی بەدەستی نووسەرو بەخامەی رەخنەگرەوە نیە ... تاکە دەستێوەردانێکیش کە بۆ ئەدیب بلوێ و بشێ ئەوەیە کە : بەو پەری لێهاتوویی و زیرەکییەوە ، تەماشای رەوتی تێکچرژانی نێو کارەکە بکات و بەس .... تاکە بەڵگەنامەیەکیش کە بکرێ رەخنەگر دەستی بۆ درێژ بکات ، تەنیا (شیکردنەوە) یە نەك تەفسیرکردن ، چونکە لە تەفسیرکردنا رەخنەگر چەواشە ئەبێتو هەڵئەفریوێ و وای لێ دێ تابێت و هەر بە هەوەسرانی خۆی بخاتە نێو یا (سەر) ئەو کارە ئەدەبی یە .

ئا بەم پێیە ئەو مەوزوعیەتە زانستی یەی کە تێکچرژانی کیمیایی پێ بەندە ، بەشێکی هەرە مەزن و پێویستی داهێنانی زیندووی ئەدەبی یەو لە هەمان کاتیشا لە حەتمیەتی رەخنەو لێکۆڵینەوەی لەبارو پوختی ئەکادیمی یە ..!!

نازانم ئەدیب و شاعیرو هونەرمەندو چیرۆکنووس و رەخنەگرانی ئێمەش چییان لە بارەو چی ئەڵێن و چۆنی بۆ ئەچن .. و چۆنیش لەتەك قوتابخانەو رێبازەکانی هونەری و سایکۆلۆژی و مێژوویی و زمانەوانی و کۆمەڵایەتیا ئەیسازێنن ....!؟

نووسینی ـ سەلامی عزت سەدەس

لە لایەن ـ ئەحمەد خواجەوە لە زمانی تورکیەوە کراوە بەکوردی .

لە مانگی ئاغستوس 1825 دا لە شاری پەترسبورخ چار ئەلەکساندری یەکەم لەگەڵ سەرچ دا بەم جۆرە وتوویژیان کرد

چار : ئیتر پێی ناوێ ، بریارمدا کە رۆژی 13 یان 14 ی مانگ ئەبێ لە « ئاگانروك » بم

سەرج :

بە پەنجە گەورەی دەستی چەپی لاجانگی خۆی هەلکراند ، وتی ئەی شاژن ئەیزانی وە ئاگادارە ؟

چار .

ئاگەداری ئەکەم : ـ

(نیکۆلا یەڤیچ فولکونسکی) لە گەڵ ئەلەکسانی یەکەم مێردی (ئەلی زابیت ئەلەکس ڤنا) هاورێی منالی و ماوەی چل ساڵ چەکدارو هاوکاری جەنگ و پەیمانی نهێنی بوون : ـ

بۆ رۆژی دوایی چار ئەلەکساندرو سەرچ بەسواری عەرەبەیەکی پچووکی دوو کەسی چوون بۆ گەران ، دەستە جلەو بە دەست پەرەنس (سەرج) دوە بوو . چاریش لە ناو عەرەبەکەدا بە نیشان و ئۆنی فۆرمەی ئالبایی « عەقیدو » و بە بێ شمشێر پاڵتۆیەکی رەشی لە خۆیەوە پێچاوە وە دانیشتبوو چوون بۆ جێگا پیرۆزەکەی مەسیحیە خۆشەویستەکانیان . هەر لە گەڵ گەیشتنیان چار بۆ ماوەی چەند سەعاتێك لە سەر ئەژنۆ بە چۆکدا هات و دانیشت . زۆر پارایەوە لە دواییدا لەگەڵ قەشەیەکی (130) ساڵدا کەوتە وتوویژ .

چار لە قەشەکەی پرسی : تۆ لە کوێ ئەخوێت ، چۆن ئەژیت ؟

قەشە بە پەنجە ئەموستی بۆ قوژبنێك درێژکرد

چار داچڵەکی : تابووت ؟! تابووت

قەشە :

بەتەوو ئاینێکی بە هێزەوە بە دەنگێکی زۆر بەرزەوە وتی ئاء ! ئاء ! لەم جێگایەی خۆمدا . جێگای هەموومان ، ئەو جێگایەی کە جارێکی تر لێی دەرناچین ، هەڵئەستینەوە !!!

چاروسەرج گەرانەوە . لە رێگەو گەرانەوەدا لەپر قەبرخەو پەراسووی چار هاتە ئێش و ئازار . لە جێ مەزرەیەکی شینایی و دلگیرا عەرەبەکەی وێستان دابەزی . ماوەیەك بەسەرنجەوە بە

تابووتە بۆشەکەی سەر گۆڕی ئەلەکساندەری یەکەم چاری رووس

هەر چوار لای خۆیدا روانی .

سەرج

کاتێ ئەترووانیە چاوەکانی قەشە پیرەکە تێ ئەگەیشتیت بە چە جۆرو هیوایەکەوە قسە ئەکات ؟!

چار

بەڵێ ! لە پێناوی ژیاندا ، ژیان و خۆشی گوزەران ، شتی جوان و نایاب ، بەلام دوور لە هەموو کەسێکی دەسەلاتدار ، خاوەن دارایی و تەنیا بۆ بەرزی فرین !!

لەم وتووێژەدا لە پڕ هەناسەیەکی قووڵ و سەختی هەڵکیشا . وتی وابزانم ئەمە دوایی جارمە کە گەڵ و کیشوەرەکەم ئەبینم !

سەرج

دایە قاقایەکی زۆر بەرزی پێکەنین . ئایا لە پێناوی شتە بێ سەروشوێنەکان ؟! پەلە مەکە هێشتا زۆرت بەروە ماوە :

چار نا ! ئیتر بە دەمیەوە نەماوە . وا ئیمرۆ لەم کاتەوە لە تۆو پەتر سبورغ و گەلەکەم ماڵ ئاوایی ئەکەم . - پاش زیارەتی مناستیرو کلیسە بە دوو رۆژ ، چار ئەلەکساندری یەکەم بە هاوریێی دۆستە نزیکەکانی خۆی دوکتۆر تاراسوف رووسی و دوکتور ویکلا ئینکلیسی لە سەنی پەترۆسبۆرغ جیابوونەوەو رۆژی 13 ئاغستوس گەیشتنە « ناگاروك » وە شاژنیش لە چاوەڕێی چارابوو . لەگەڵ ئەلەکساندرو ئەلەکسان ئیڤان گەیشتنی بە یەکتر بە پەلە بەزم و خۆشیان پێك هێناو سەر لە نوێ ئاهەنگی مانگی شیرینیان دەست پێ کردەوە : - شاژن زۆر لە خۆشی و تەندروستیدابوو بەلام چار لەگەڵ گەیشتنی بە « ناگان روك » پاش مانگو نیوێك کتوپڕ نەخۆش کەوت .

لە ناوگەڵدا وورتە وورتە زۆر پەیدا بوو ئەوترا نەخۆشی چار چیە . بە چە جۆرێك دەرمان ئەکرێ ؟

چار : خێرا لە ژنەکەی خۆی ئەپرسی دکتۆرەکان ئەڵێن چی ؟!

« لە تێکەیشتنی کارە نهێنییەکە لێرەوە دەست پێ ئەکات »

- وەلامی چاری ئەدایەوەو پێی ئەووت ،

ئەڵین روو لە چاکیە . تای نیە ، ئیتر پێویستی بە دەرمانیش نەماوە !

بەلام دوکتۆرە ئینگلیزەکە زۆر ئەندێشەداربوو .. کەچی هیچ نیشانەیەکی بەتەنگەوەبوون لە دکتۆرە رووسیەکەدا نەئەبینرا .

دەنگ باوبوو کە چار بە جۆرێك خواردن ئەخوات کە هیچ پیاوێك پێی ناخورێ .

ئەمەیش نووسراوێکە لە نووسراوەکانی شاژن کە ئەڵێت . لە رۆژی 16 کانووندا هەرچەندە لە بابەت کارە ئێجگار زۆر گرنگەکانەوە لەگەڵ چار وتووێژمان کرد لە بریارەکانماندا دەست بەردار نەبووم وە وازم لێ نەهێنا . خۆ بریاری چۆن و چی بێ هەر ئەوە ئەبێ .

رۆژی - 17 ی مانگ - دەماودەمو جۆر بە جۆر بە زۆری دەنگو باس بلاو ئەبۆوە گوایا چار لە گیانەلادایە » ئەمرێت ، یان مردووە .

رۆژی 18 ی مانگ - سەعات - /11 خەبەری رەشی مردنی چار . وە لە 11/3 دا راپۆرتی میری دەرکراو بلاوکرایەوە کە چار مرد !!

شاژن

بەم جۆرە نامەیەکی نووسی و ناردی بۆ دایکی ، ئەڵێت . ئێستا من لە حەسانەوەی چار دلخۆشم . تا ئەو لێرانەدا بمێنێتەوە بێگومان منیش ئەمێنمەوە . کاتێ ئەو رۆیشت منیش ئەرۆم . تابشتوانم لێی جیا نابمەوە ، بەجێی ناهێلم . چونکە

لێ جیابوونەوەیم نەئەویست : ـ
پاش مردنی (چار) لە ناو گەڵدا قسەو باس زۆر دەنگی دایەوە .
ئەیان ووت : ـ
ـ بۆچی لاشەکەی (چار) پیشان نادەن ؟ ... دەری ناخەن ؟
ـ ئایا بە نەخۆشی یان وەبایەکی تری خۆی مردووەو سووتێنراوە ؟
ـ یان چاریان کوشت ؟
ـ یاخود (چار) نەمردووەو چی بەسەر هات ؟
وا دەرئەکەوێت لەم دەنگو باسو پرسیارانەدا پرسیاری « نەمردووە راست بێو بە پەسند زانراوە هەموو کەس بە جارێك ئەیانووت : چار نەمردووە . درۆیە ! چییان لێکرد !
لە لایەکیشەوە پرنس (فولکۆنسکی) بە دوکتۆرەکانی ئەوت : ـ بۆ مومیاکردنی لەشەکەی (چار) شاژن زۆر بە پەلە فەرمان ئەدات . ئەبێ بکرێت !
لەوەلامدا :
تێیان گەیاند کە هەر لە رۆژی دواییدا مومیا کراوە ، بەلام دکتۆرە رووسیەکە (تەراسنۆف) ئەو راپۆرتەی بۆ مومیاکردنەکەی نووسرابوو ئیمزا نەکرد . وە ووتی :
لەسەر رووی ئەم زەوییەدا تەنیا (چار) یەکەمین دۆستو خۆشەویستی من بووە نێزیك ئەم مومیاکردنە ناکەوەو بەدەستی خۆشم نایکەم وە وەکو هاوکاری نەکردن لەکاتی گواستنەوەشیدا نەچووەو نیزیك نەبۆوە . لە هەموو سەیرتر ئەوەبوو لە سەر ئەو راپۆرتەی نێررا بۆ (پەترسپورخ) بە ئیمزای ئەوەوەو ئیمزاکرابوو ...
جا ئایا ئەو ئیمزایە راستە ، ساختە نەبوو ؟ پرسیار زۆر بوو . وە زۆر کەس ئەیزانی کە ساختەیەو دروست کراوە ـ ئەو راپۆرە بەبێ ئیمزای ئەو بایە وەکوو لە (تاگان رۆك) دەرنەکرا لە (پەترسبورخ) یش بێ نرخ ئەبینراو نە ئەگەیشتە ئەوێ . لەبەر ئەوە ئەو ساختەیەیان کرد . چونکە ئیمزای (تراسو) پێویستو گرنگ بوو .
هەر لەکاتی هەڵگرتنی تەرمەکەی (چار) بە درێژای رێگا بەچەکەوە ئەسکەر رێزکراو وەستێنرا ؛ بەلام رووداوی تابووتەکە هەر زۆر بەنهێنی مایەوە ، لە هیچ جێگایەکیش نەوێستاو هەڵنەدرایەوە بەنهێنی مایەوە .
تەنیا لە دێیەکەی خۆی (چار) دێی (سەلۆدا) پێشانی دایکی درا ؛ دایکیشی بە ساردییەکەوە لەسەر تابووتەکە وێستاو ووتی : ئای کورە بێ چارەکەم چەند لاواز بووە ! وە بەدوای ئەویشدا ئەفسەر ئالبای[1] (ئیڤانۆف) یش هەندێك دڵتەنگیو سەخلەتی خۆی پێشاندا .
ئەیان ووت : ئەی ئەو کەسەی لە ناو تابووتەکەدا بوو کێبوو ؟ ئەلەکساندری یەکەم نەبوو ؟ چونکە هیچ دایکێك لەسەر تابووتو لاشەی کوری خۆی بەو جۆرەو بەو ساردییە بەخۆین ساردی نابزوێتەوە وە ئالبایەکی هاوڕێو دۆستی کۆن بەرامبەر بە تابووتی خۆشەویستی خۆی ئەوەندە بەبێ ئەندیشەیی نە ئەبوو ئەگەر تەفرەدراو نەبووبن .
تابووت ، لاشەی ئەلەکساندری یەکەم گەیشتە کلیسای (سان پێیار ـ سان پول) بەرێزەوە نێژرا .
پیرێژنێکی دانیشتووی شاری (یاڵتا) نێزیك بە (تاگرۆك) لە ناو زەرفێکدا باسی مردنی پیاوێکی هێنا دای بە پیاوێکی باوەرپێکراوی ناو سەرای (چار) و شاژن دەست بەجێ سەد رۆبلی بۆ نارد . وا دیار بوو کە مردووەکە کوری ئەو پیرێژنە بوو .
لەسەر فەرموودەی شاژن کابرا بە پیرێژنەکەی ووت : ـ
لەبەر ئەوەی کورەکەت لە کاتو رۆژی مردنی چار ئەلەکساندری یەکەمدا مردووە ئەم سەد رۆبلەی بۆ ناردیت هەموو سالێکیش لەم رۆژەدا سەد رۆبل وەرئەگریت ، تێگەیشتیت ؟
ژنەکە « پارەکەی داناو رۆیشت »
بەلای ئەو کەسانەوە کە باوریان بە مردنی (چار) نەبوو ئەو تابووتو لاشەیەی لە (سەن پترسپورخ) نێژراوە لاشەی کوری ئەو پیرێژنەیە کە ئەویش لە رۆژی مردنی چاردا مردووە . شاژنیش بۆیە بەخشندەیی ، لەگەڵ ئەکات .
لە مانگی ئەیلوولی 1836 دا لە ئۆرالەکان دێی دوفری ئانك لە بنکەی پۆلیسدا ، لە لایەن قومیسەرەوە لەگەڵ پیاوێکی ریش سپیو بۆشناخو لادێیدا بەم جۆرە وتووێژێك رووی دا .
قومیسەر : کابرا ئەم ئەسپە رەسەنو جوانە هی تۆیە ؟
کابرا : هی منە !
ـ واز لە درۆ بهێنە . راستی بڵێ . تۆ نابێ ئەسپێکی وارەسەنو جوانت هەبێ ، لە کوێو لە کێت دزیوە ؟
لە کەسم نەدزیوە ئەسپی خۆمە !
ـ لە کوێوە هاتیت بۆ کوێ ئەچیت ؟

- لەو جێگایەوە هاتووم کە خوا ناردوومی . بۆ ئەو جێگایەش ئەچم کە خوا بانگم ئەکا !

قومیسەر فەرمانیدا : - بیبەن پەنجا دار لەم لەگامە بدەن ، بیخەنە بەندیخانە !

ئەزانرا لەو ئێوارەیەدا روودانی ئەم کارەساتە لە کوێوە ، وەچۆن گەیشت بەوالی (گراندوك میشەل) هاتو گەیشت بەسەر کارەساتدا . لە دێیەکەی لە بەندی دەرهێنا بردیە گۆشەیەکەوە . پێی ووت : فەدور کۆسمیچ : زۆر داخم خوارد زۆریشم پێ ناخۆش بوو !

کۆسمیچ - بە زەردەخەنەیەکەوە - ووتی :

رەنجیدە مەبە خوا بکات ئازاری ئەسپەکەمیان نەدابێ . ئایا ئێستا سەربەستم ؟

والی : رووی کردە قومیسەر ووتی : ئەسپی ئەم لادێیە بدەنەوە ، وە بەسەر بەستی بەرەڵلای بکەن :

پاش ئەم کارەساتە بە مانگێك (فەدور کۆسمیچ) نێررا بۆ (سێبیریا) ، لەوێ بینرا -

نامەیەکی نووسیبوو بۆ چار ، ئەڵێت :

(لەپێش تەواوکردنی چلەمدا لەگەڵ تاوانبارەکان ناردتانم بۆ سێبێریا ئەپارێتەوە داواکەی گەیشت بەجێ هێنرا ، فەدور لەسەر ئارەزووی خۆی گەیەنراوەتە سێبیریا : -

فەدور کۆسمیچ لە ساڵی 1840 دا لە ناو نیزارو دارستانەکانی سێبیریا لە ناو پارکێکدا ئەژیا لە سەر تەختەیەك ئەنووست . جگە لە مێوەش هیچ خواردنێکی تری نەبوو . تەنیا دڵخۆشی یەکی بەرگەکانی بوو کە زۆر پاك و تەمیزە وە ساڵی پێنج تادە دەست بەرگی باشی بۆ ئەهات ، بەلام کێ ئەینێریت لە کوێوە دێت چۆن پێ ئەگات کەس نەیئەزانی

لە ساڵی 1842 دا لە ناو دارستانەکانی سێبیریادا راوە ووڕچ ئەکرا . یەکێك لەو راوکەرانەی کە هاوکاری ئەم راوەی ئەکرد لە پیاوە کۆنەکانی ئالاو دەستەی نیگاهەدارانی (چار) بووە . لە کاتی گەڕان و سووڕانەوەدا لە پڕ بەرەنگاری (فیدو) بوو لەبەر دەمی خانووچکەیەکدا بە کزۆڵەیی دانیشتبوو بێنی شلەژاو لە تاوان دا تفەنگەکەی کەوتە خوارەوە سەر زەوی ... قیژاندی : چار !.. چار !.. ئەلەکساندری یەکەم !

فیدور کۆسمیچ سەری هەڵبڕی و ووتی :

ئەگەر مردنت ناوێت وسبە ! بە هیچ کەسیش هیچ مەڵێ . چار ئەلەکساندری یەکەم مردوە ... تێگەیشتیت ؟! بەڵێ گەورەم تێگەیشتم .

فیدور کۆسمیچ لە نیگاهداری (ئەلەکساندری) یەکەم و (ئەلیزابت ئەلەکسی ئیڤان) دا پەروەردە بووەو پێگەیشتووە لە رۆژی 20 کانوونی 1894 دا . وەپاش مردنی چار بە چل ساڵ مردووە . پاش مردنی فیدور بە چەند مانگێك لەلایەن مابەنچی واتا (ئەو فەرمانبەرەی لە سەرای خاوەن شکۆهاندا کارگوزاری ئەکات) کۆنت ئادلەر بەرگش ناوەوە لە سەن پترسبورخ (کنیسەی پایەر - سەمپۆل) وەستا بەنناکانی کۆکردەوەو پێی ووتن : ئەو فرمانەی ئێستا لێرانەدا پێتان ئەسپێرری زۆر نهێنی یە ، بە هیچ کەسێك ناڵێن ، بۆ دڵنیایی کە قسە نادرکێنن ئەبێ سوێند بخۆن بە هەر یەکێکیشتان لە پێشەوە دە هەزار رۆبل ئەدرێت پێشەکی . ئەوانەی لە زمانیان دەرئەچێ یەکسەر ئەنێررێت بۆ سێبیریا .

هەموویان سوێندیان خوارد گەیشتنە ناو گۆڕستانەکەو سەر گۆڕی ئەلەکساندری یەکەم هەڵیانکەند تابووتەکەیان دەرهێنا ، سەریان هەڵدایەوە تابووت بەتاڵ بوو !

وەستاکانی دوورکرد بەتاکی تەنیا بەدیار تابووتەکەوە دانیشتوو مایەوە رۆژی دوایی وەستا بەنناکان هاتنەوە ، تابووتەکەیان خستەوە جێی خۆی دیوارەکانیان هەڵچنیەوە گۆڕەکەیان وەکو خۆی دروست کردەوەو رۆیشتن .

نهێنی مردنی ئەلەکساندری یەکەم چاری رووسیا لە رووداوە گرنگەکانی گێتی یە . تا رۆژ بە عاسمانەوە ماوە مێژوو نووس و مێژوو بەم کارەوە خەریك ئەبێ و تەواو نابێ بەسەر سوڕمانەوە ئەمێنێتەوە .

لە ساڵی 1921 دا حکومەتی سۆڤیەت بە تاسەی تێگەیشتنی (سەن پیار - سەمپول) تابووتەکەی چاریان دەرهێنا ئەمانیش بە نائومێدی تابووتەکەی ئەلەکساندری یەکەمی چاری رووسیا دیسان بە بەتاڵی بینراو بۆش بوو

خوێندەوارانی بەرێز

بەلای منەوە بۆ ئەم کارە نهێنی یە مەگەر شاژن زیندو بکرێتەوە لە دادگاهی مرۆڤایەتی دا تەنگاو بکرێ . چونکە پسپۆڕو بلیمەتەکانی خۆشیان واقیان وڕماوە لێی بێ دەنگبوون . جانازانم ئێوە چۆنی لێك ئەدەنەوە .

١ - عەقید لە سوپای عیراقیدا